# کۆمەڵایەتی




ماتۆڕسوارەکەمان بە دەستێ جلی پۆلیسییەوە لەبەر لوتماندا ئیستۆپێکی گرت و وتی: ئەوە بۆ پیرۆزباییم لێناکەن؟ ئێمەش وتمان: ناشێ بە دزیی ماڵەوە کردبێتت بە دوو ژن؟ وتی: نەخێر شکور کردم بە دوو خەت، ئێمەش سەرمان سوڕماو وتمان: خەتی چی؟ وتی: ماوەیەکە بووم بە پۆلیسی دارستان و ئەمڕۆش لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان لە سلێمانی پلە و خەت و روتبەی تەرفیعاتمان بۆ هاتەوە، بەڵام هەزار ماشەڵڵامان لێبێ و لەچاوی پیس بەدوربین، ئەوەندە زۆر بووین خەتەکان بەشی هەمومانی نەکرد، ناچار لیژنەکە خەتەکانیان بۆ کردین بە قورعە و بەندەی موخلیسیشتان دوو خەتی بەرکەوت، بڕیارە بۆ تەرفیعاتی داهاتوو نەجمەکانیشمان بە سیستمی فیکلانکۆ بەسەردا دابەش بکەن!




## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

ئاوێنە/ لە
مانگێکدا ٢٠ هەزار بێکار
داوای قەرزیان کردووە .
گەپ: ئەی بەچی ئەیدەنەوە!!
چرکە/ وەرگرتنی بودجە لە رۆژانی پشوو
چاکسازییە یان گەندەڵی؟
گەپ: دەوامی ئیزافیە.
رۆژنامە / پەرلەمان ١١ رۆژی دیکە دەخاتە
سەر پشوی هاوینە.
گەپ: ئاخر گوناهن خۆ وەک تلەبەنین سپلیت و
خزمەتگوزاریان فوول بێت!!
رووداو/ جرجێک کارەبای قەڵادزێی بری
گەپ: هی کام دراوسێمان بوو.
رێگای ئازادی/ منداڵێک شیری مانگا دەخوات.
گەپ: جا ئەوە چییە ئێمە شیری قوتومان
خواردووە!
چاودێر / هاوسەرگیری و خۆشەویستی کچان
لە خوێندن دوردەخاتەوە .
گەپ: ئاخر ئەو موستەقبەلەکەی روونترە ئەمی
تر خوا دەزانێ تەعین دەبێ یان نا.
یەکگرتوو / چیەتی فەلسەفەی
مێژوو.
گەپ: شێواوەو نەخۆشە وەک خۆی لێ نایەتەوە.
هاوڵاتی / ئەگەر هاتنە سەرت تەلەفۆنم بۆ بکە.
گەپ: هەیە خۆی ئەچێتە سەر خۆی چونکە خۆی
تەلەفۆن بۆ خۆی ئەکات!!
سڤیل/ حکومەت و خەڵک نازانن هەڵسوکەوت
لەگەڵ گەشتیاران بکەن .
گەپ: گەشتیارە عەرەبە شۆرت لە پێکانی
فەلوجەو حەویجە نەڵێی ؟!
کۆمەڵ / هەزاران کەس بەشداری پرۆژەکانی
سەنتەری مەدینە دەکەن.
گەپ: ئەی بۆ ناڵێی سەنتەری شار چونکە
حەرامە!!
چەتر / هەڵەبجە : هیچ بینایەکی داگیرکراو
نەگەڕێنراوەتەوە.
گەپ: چونکە لای ئۆپۆزسیۆنن ( عەیب نەبێ ) .
باس / ئەگەر منداڵەکەت حەز بە قوتابخانە نەکات
چی دەکەیت ؟
گەپ: هەر (خانە ) زۆرە دەیبەمە یەکێکی تر ...
میدیا / نەوەی نوێ کێژەکەی
کافرۆش
ناناسن.
گەپ: فەقیری وا کێ کچی ئەناسێت خۆ
کچی فەرید شەوقی و ئیبراهیم تاتلس و
موعین ئەسفەهانی نییە !
خەبات / پشوی هاوین برایەوە.
گەپ: کتێبی کۆن درایەوە .
ئاسۆ / چەندین گەراجی بێ مۆڵەت لە
سلێمانیدا هەن .
گەپ: بۆخۆیشی گەورەترین گەراجە.
هەولێر / کەی کاتی خانەنشینی دێت ؟
گەپ: ئەوکاتەی تلپی تەرت تیا نامێنێ
کوردستانی نوێ : عیراق بە چ میتۆدێک حوکم
دەکرێت.
گەپ: میتۆدی ئێران تورکیا سعودیا بە
کورتی ( ئیتس ).
گوڵان/ تاچەند بەرزبوونەوەی نرخی زێر
رێژەی پرۆسەی هاوسەرگیری کەمدەکاتەوە.
گەپ: دڵێی ئاگات لە سولفە پێنج ملیۆنیەکە
نییە .

کۆمەڵایەتی

سەردەمی
دامەزراندن و
دانەمەزراندن







# بابان

سلێمانی







## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک سەگێکی شەلی هەبوو،هەرکاتێک دز هاتبایە ماڵەکەی، سەگەکەی دەخستە ناو عەرەبانەیەک و عەرەبانەکەی پاڵ دەداو دوای دزەکە دەکەوت.

ژمارە 128
28-9-2011

بۆچوون





ڕۆستەم زادە
- خامۆ -

بۆچوون

نووسینی:
عەبە سی فاق

(دەست تێوەردان)

# تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات

**تەحلیلی سیاسی:**

سیاسەتمەدارە خێڵەکانی ناو حکومەتە هەزەلییەکەی بەغدا پێیان وایە: هەر وڵاتێک پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەهێز بێ و کونسوڵخانەو کۆمپانیای بازرگانی لە هەرێمدا هەبێ، ئەوا لەڕوی سیاسیەوە دەست تێوەردانەو پێچەوانەی دەستوری عێراقە، بەڵام تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیاو ئێران بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان بە سوعبەتی سیاسی دەخەملێنن!!

**تەحلیلی کۆمەڵایەتی:**

دەست تێوەردان و خەڵک هاندان و چقڵەچزەی عالەم لەلایەن میدیاکانەوە بۆ دروستکردنی بەزمی خۆسوتاندن و خۆهەڵواسین و خۆداپڵۆسین، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دەست تێوەردانێکی ڕوون و ئاشکرایە و عەینەن ماستی ترشاو بە شەویلاگی هەندێ لە کە نا ڵە کا نە و ە دیارە!!

**تەحلیلی ئابووری:**

تەداخولات و دەست تێوەردان و خۆهەڵقورتاندنی حکومەتی مەرکەزی عێراق لە چۆنێتی گرێبەست و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی دەورووبەر، لەڕوی ئابوورییەوە هێشتا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە ئایا باشە یان خراپە؟ چونکە نازانین ئەگەر نەوتەکەمان نەنێرینە دەرەوە ئایا بەغدا بودجەکەمان بۆ زیاد دەکات یان دەیکاتەوە بە (لەسەدا ٪ هیچ)؟!!

NAMO



## هەر لۆ فشەی

### شێخە فشە

تەلەفزیۆنەکەم پێکرد- ٢٥ ریکلامی لەسەریەک.. هەر لۆ فشەی هاویشت- ٥ شەش کلیپی نیوە رووتی سەقەت نە دەنگ بوو نە رەنگ، نە کەلیمات کەلیمات بوو ( شیعرو ئاوازەکەش) یەک فلسی سووتای نەدەینا..

٥- ٦ قەناتم کرد هەمان تاس و حەمام بوو.. سەرهێشانەک گرتمی خەریک بوو هەر لۆ فشەی هەر دوو چاوم دەرپەڕیتە دەرێ ئەویشم گۆڕە یەکەکی دی سەرکودیلەی چاوبەعەینەک قسەی دەکرد جارێ نیو سەعات بەس مەتحی خۆی دەکرد.. گوایە هەر لۆ فشەی ٥- ٦ ئافرەت لەبەر خاتری وی خۆیان سوتاندییە!! دوو کلیپی چی کردبوو هەر لۆ فشەی یەکیان (مونتاج) نەکرابوو کابرا گلەیی دەکردوو دەیگۆ: ئەگەر جەماعەت یارمەتیمان نەدات رەنگە بە یەکجاری بڕۆین بۆ هەندەران با ئیتر جەماوەر گلەیی لە حکومەت بکات..

دەهری بووم خەریک بوو هەر لۆ فشەی تەلەفزیۆنەکە بشکێنم..

هەر کوی هەبوو بێژەر ناچاری کرد کە دوو سێ کۆپلە لەو کلیپە تازەی برێ دەوەڵاهی زەڕەی کەر .. قوڕەی مانگا- قاڕەی بزن.. میاوە میاوی پشیلە- لورەی گورگ زۆر لەوی خۆشتر بوو ئیدی سوندم خوارد – هەتا ٥ سالّی تر- نە ڕادیۆ نە تەلەفزیۆن نە کەمەوە..




## بۆچوون

### مۆبایلە شیعر بلەنۆکیا

فاتە تو خاتری خوا
بەسییە ناز و نوکەنوک
ئیتر مەسیج مەنێرە
خێرا وەرە بۆ فەیس بووک
لە هۆتمێڵ و یاهوو
ئیمەیڵ دانێ تاقە یار
شەرم مەکە بەساقە
پڕە لەنەخوێندەوار

دوو مەڕی بۆ بفرۆشە
لاپتۆپی پێ بسێنە
شەوان بچۆ گەوڕەکە و
کامێرا داگیرسێنە
هەتا ئێرە خواحافیز
فاتەی دڵم تازە بووک
باڵانسەکەم تەواو بوو
چاوەڕێتم لەفەیس بووک

# بە ئاوەزوویی ڕاستە



نەجات حەمید
هەولێر

کاتێک قوتابخانەکان کرانەوە .قوتابیانی خولی دووەم لە ناو هۆڵ وژوورەکاندا ئەزموونی دووەمیان ئەنجام دەدا.مامۆستاکانیش خەریکی چاودێری ودەفتەر وەرگرتن بوون قوتابیانیش کە هاتوونە بۆ دەوام وەک مەڕی بێ شوان ئەم سەرو ئەوسەریان دەکرد مەرجی سیستەمی خوێندنی سویدی وا دەکات سێ چوار کار بە یەک جار ئەنجام بدەین،بەڵام نەک سویدی لە سیستەمی ئەفغانیش دەوامی وام نەبینیوە،

*کۆلێژی بریتانی داخرا و قوتابیانیش خۆ نیشاندان ومانگرتنیان ئەنجام داو پەروەردەش گوتی ئەو کۆلێژە یاسایی نیە،فروخ دەڵێ تا بەرد سەرمە نەشکێنێ نازانم بەرد چیە.باشە ئەگەر یاسایی نیە کێ مۆڵەتی کارو کردەوەی نایاسایی پێ بەخشی،ئەگەر وەزارەتێک نەزانێ کۆلێژێکی وا هەیە حەق نیە بڵێین لە کوردستان کۆلێژی نهێنیش هەیە.

* تا ساڵ تەواو بوو هەندێک قوتابخانە تا کۆتایی ساڵ لە بێ مامۆستایی کتێبەکانیان نەکردەوە، .هەموو ڕۆژێکیش دەڵێین ئەوەندە هەزار مامۆستایە دامەزرا، دەبێ ئەو مامنۆستایانە ڕەوانەی گواتیمالا نەکرابێتن بۆ وانە ووتنەوە؟ ئەی چیان بە سەرهات.؟ خۆ لە ساڵانی پێشوو مامۆستا کەمتر بوون بەڵام قوتابیان قەت ئەزموونیان لە وانەیەک نەکرد کە نازانن کتێبەکەیان باسی چی دەکات.حەق نیە بڵێین لەو سیستەمەدا وانەو ئەزموونی سیحرییش هەیە؟

*بە پێی ئەو سوپەر سیستەمەی پەروەردە،ئەو قوتابیانەی خولی یەکەم یا دووەم نەیان توانی بە پێ پلیکانێ سەرکەون تەنها لەو خولە تاقی کردنەوە دەکەن،کەچی زۆر قوتابی سەریان لێ تێک چوو لەو خولە تاقی کردنەوەیان کرد کە لێی دەرچوونە بەڵای وانەی کەوتوودا نەچوون بۆیە بە دڵێکی گەشەوە ئەو ساڵەیان وەکو پەڕی مریشک دایە دەم با،بۆچی نا ؟ ئەگەر قوتابیەک هیچ فێر نەبووبێ بۆچی سەری پەروەردە قاڵ کات؟

* لە هەمووی سەیر تر زۆرینەی خونچە قوتابیانی تازە پشکوتووی سەرەتایی دەچنە ناوەندی کەچی هێشتا فێری نووسین وخوێندنەوە نەبوونە.چونکە بە پێی ئەو سیستەمە لێبوردەو مرۆڤ دۆستە تاکو پۆلی چوارەم دەبێ بە عەرەبانەو مەساسە بەرێیان کەن،من نازانم مامۆستا سێ ساڵ لە پۆل هەقایەتی ڕۆستەمی زاڵ دەگێڕێتەوە ؟وا بزانم بۆ ئەوەیە هەستی قوتابیان بەرز ڕاگیرێ.

*لێدان وجوێن دان وسووکایەتی کردن بە قوتابیان لە لایەن هەندێک مامۆستاوە وەکو نوکتەی لێ هاتووە .قوتابیەک کە دەدرێتە بەر تف وشاپ و خوێڕی وهیچ وپووچ و....شتی دیکەش.دەبێ چ هیوایەکمان بە دەرچووی نەوەی ساغڵەم وعەریجی هەبێت.هەق نیە بڵێین بارو دۆخە ناسکەکەی قوتابیان وا دەخوازێ وانەیەکیش هەبێت بە ناوی بۆکسشاپ ؟

## عال گۆرانی




مەنیج مەنیجە مەنیجە ئەو گوڵە مەنیجە
ئەلفێک نازانێ و ئێستا خەریجە
جەند لێی پارامەوە ئاورێکی لێدامەوە
فۆرمەم پڕ کردەوە کەس جوابی نەدامەوە
بەنوکی خەنجەر ببڕە حەیاتم
کۆڕەکەم مەسیج بدە نەجاتم
بۆ دەمەکوژی بەچاوان ناسکێ نازداری باوان
وەختە خۆم بخنکێنم لەتاو منالی میوان.
هەی نایە نایە نایە سەدای چاوکاڵان نایە
کابرا خاوەن دوو ژنە سێ چارەکی لە پیایە
ئای لەبەر نازەوە وردە خاڵ بەلێویەوە
ئەنفلۆنزا تەواو بوو نەخۆشی سیل وا بەرێوە
بەخەندەی لێوی ئاڵت دڵم لەخەم دەربێنە
توخوا دکتۆر بەغەڵەت ژیانم لێ مەسێنە
لیم ڕەنجا لیم تۆراوە وادیسان ئەو نازدارە
خێزانم جۆن ڕازیکەم ژنێک بێنم دوبارە
وەکو عاشقی سەرشێت لەدوریت ئەتوێمەوە
دوو مانگ موچەم زیادی کرد لەپڕ لێیان سەندمەوە..